**کورتە وەلام\3**

**کامیل ژیر**

**کوردستانی نوێ ژ 7024:لەئەمریکا کۆنگرەیەک دژ بەداعش بەڕێوە دەچێ و هەرێم بانگهێشت نەکراوە.**

**1-باشتر. وانەبوایە لەم بێپارەییەدا ئەبوایە چەن ملیۆنێک بدرایە بەوەفدی هەرێم بۆ چون و مانەوەو دیاری و شتیترو گەڕانەوەیان بەدەستی بەتاڵ.**

**2-راوچی بازی هەر بۆ راو ئەوێ.**

**3-با چاوێ بەخۆمانا بگێڕینەوە بزانین محەلمان لە ئیعرابدا چیە؟ فاعیلین یا هەر مەفعول بیهی!**

**هەمان ژمارە:یەکێتی پێگەیەکی بەهێزی هەیەو پەرۆشی چارەسەری کێشەکانە.**

**1-ئەبێ ئەو پێگە بەهێزەی لە هاتنەکەی ئەمدواییەی مالیکییەوە وەرگرتبێ، ئەگینا بۆچی چل ساڵە، لەدامەزراندنیەوە، کێشەکانی چارەسەر نەکردوە؟**

**2-جارێ چارەسەرێکی باڵەکانی خۆتان بکەن!**

**-خەبات 2016/7/21:دوای نیگەرانیی مەسرور بارزانی، بەیان سامی عەبدولرەحمان وەک نوێنەری کورد بەشداریی کۆنگرەکەی دژ بەداعشی کرد لە ئەمریکا.**

**1-وەک نوێنەر یا وەک میوانێکی بەپەلە ؟**

**2-ئەگەر بە ئەندام وەرگیراوە لەو کۆنگرەیەدا، کوا بۆ دەنگێکی نەبو سەبارەت ئەنجامی بەشدارییەکەی؟**

**-سایتی روداو2016/7/26: سەفەر لە زەکەریا عەبدوڵا قەدەغەکرا لەسەر نەدانەوەی زیاتر لە 6ملیۆن دۆلار قەرزی بانکی نێودەوڵەتیی کوردستان!!**

**1-هەر ئەو پارەیە نیە، دەیان دۆنم زەویی ملکی گشتیشی لە پارێزگاکان دراوەتێ!**

**2-ئێستە ئەبێ، جگە لەو تولفە نازدارە،لێپرسینەوە لەمانەش بکرێ:**

١-ئەو بەرپرسەی ئەو قەرزەی داوەتێ بەبێ بارمتە.

٢-ئەو بەرپرسەی ئەو هەمو دۆنمە زەوییەی داوەتێ بەخۆڕایی.

٣-ئەو بەرپرسەی لە فڕۆکە خانەی هەولێر، بەسەریا تێپەڕی، زەکەریا بەناوێکیترەوە دەربازبێ! ئاخر کەس هەیە لەهەولێر ئەو گۆرانیبێژە ناوداره نەناسێتەوە!؟ ئەی پەنجەمۆرەکەی!؟ خۆ پەنجەی کەسێکیتری نەخواستبو!

٤-ئەو بەرپرسەی 4 ساڵە بێدەنگبوە لەو قەرزە کە ماوەکەی تەنیا 6 مانگە!